
# کراسە ناسکەکانی بووک بۆ ٢٠١٨





لە سەروبەندی ڕۆژی زەماوەندو هاوسەریدا، خانمانی بووك خەریکی کۆمەڵێك ئەرك و کار دەبن، کە هەندێ جار بەهۆی سەرقاڵییەوە بە هەڵە هەندێ لە کەرەستە و کەلوپەلەکانیان هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی تۆی خانمیش بەسەر ئەو کۆسپ و سەرقاڵییەدا زاڵ بیت، پێویستە سەرەتا هەوڵ و کەرەستەکانت دیاری بکەیت، گرنگترینیشیان بریتییە لە کراسەکەت، کە نموونە و نوێنەری جوانیتە، لە ڕۆژی زەماوەند و ئاهەنگدا زیاتر سەرنج دەدرێتە کراسەکەت، پاشان ئارایشت و ماکیاژت. چەندین ڕێنمایی هەن بۆ خانمانی بووك دانراون تا بەر لە ڕۆژانی ئاهەنگ و زەماوەند پەیڕەوی بکەن، ڕێنماییەکان بەم چەشنەن:

- پێویستە ڕەنگ و شێوە و مۆدی کراسەکەت دیاری بکەیت، ئەوەش بە سوودوەرگرتن لە سەردانیکردنی شوێنەکانی کراسی بووك، هێڵی ئینتەرنێت و زانیاری لە هاوڕێ و دەستە خوشکانی خۆت، تا لەسەرەتا کراسێکی دیاریکراو هەڵبژێریت.

- سەرەتا بزانە قەبارە و شێوەی کراسەکەت چۆنە، هەروەها پێشتر کراسێك تاقی بکەوە و ئەگەر توانرا وێنەشی بگرە، ئەو کاتە هەموو کێشە و گرفتەکان بۆ دەردەکەوێت، تا لە ڕۆژانی نزیکی ئاهەنگدا تووشی شۆك نەبیت.



- هەوڵبدە کەسێکی نزیکی خۆت بکەیتە هاوکارت تا لەو ڕۆژانەدا یارمەتیت بدات لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی کەرەستە و کراسەکەت، تا لە پێشوودا بتوانیت کەرەستە و کراسەکەت هەڵبژێریت.

- لەگەڵ هەڵبژاردنی کراسەکەت، هەوڵبدە پێڵاو و تەواوی تاخمەکەت بە جوانی هەڵبژێریت، ئەوەش دەکەوێتە سەر خواست و حەزی خۆت لە دیاریکردنی هەموو کەرەستە و کەلوپەلەکانت.

- ڕۆژانێك بەر لە زەماوەند، باشترە کارەکانت جێبەجێ بکەیت، ئەگەر کراسێکت هەڵبژارد کە بە خواستی خۆت هەڵبژاردووە، کێشەت لەگەڵی هەبوو لە قەبارە و پێوانەی، دەتوانی چاکی بکەیت، یان کراسێکی دیکە هەڵبژێریت.



# پشتێن و قردێلە لەگەڵ جلەکانت بپۆشە

لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار، شێوە و جۆرەکانی جلوبەرگ گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و لە مۆدی زستانەی و جلی زۆرەوە، بۆ جلی تەنك و تەنانەت هەندێ جار تاکە جلێك بۆ ئەو کەشە گونجاوە، بەهۆی ئەوەی لە مۆدی جلی زستانەدا جل و بەرگی گەورە و ئەستوور دەپۆشرا، لێرەوە جلی تەنك باو دەبێ و بەم چەشنە دەتوانیت زۆربەی ئێکسسوارەکانی کەرەستە و قوماش لەگەڵ جلەکەتدا شیکی بکەیت، لەوانە: خشلەکان بە گشتی، پشتێن، قردێلە، ئێلەگ، هەر یەك لەو جلانە جێگەی سەرنجڕاکێشی و ناسکی خۆی هەیە، بەڵام دیارترینیان پۆشینی پشتێنە، کە هەندێکیان لە قوماش دروست کراون و بەشێکی دیکەش لە پێست، هەروەها شێوازی دیکەش وەك قردێلە لە لایەکی کەمەر و ناوقەد دەدرێت. جوانی پشتێن لەوەدایە کە ڕەنگێکی جیاوازی هەبێ لەگەڵ جلەکەت، هەندێ لە ئافرەتانیش حەز بە هاوڕەنگ و هەمان نەخشی پشتێن و جل و بەرگیان دەکەن، ئەو ڕەنگە باوانەی بۆ پشتێن دانراون بریتیین لە: بێجی، قاوەیی، سەوز و زەرد، ڕەش، ڕەنگی زێڕی، بەشێکی دیکەی مەرجی پشتێن، بوونی نەخش و نیگارە چ لە نێو خودی پشتێنەکە یان لە بەشە ئاسنینەکانی پشتێنەکەدا هەبێت، کە ئەوەش وەك دیمەنێك بۆ زیاتر درەوشانەوە و ڕازاوەکردن بەکاردێت.





# چاویلکە ناسکەکان بۆ وەرزی بەهار

گۆڕانکاری لە کەش و هەوا و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، بێزارکەر و کەشێکی دژە جوانیی ئافرەتانە، چونکە هەرچی کەرەستە و بۆیە و داودەرمانی جوانکاری هەن، بە کاریگەری تیشکی خۆر دەتوێنەوە، تەنانەت هەندێکیان بەرگەی ئەو گەرمایە ناگرن، هەروەها لەم وەرزی بەهاردا، هەوای وشیکیش کاریگەری لەسەر دەوروبەری چاوەکانت دەبن، و دەبێتە هۆی دروست بوون و دەرکەوتنی پەڵەی ڕەش لە دەوروبەری چاوەکانت، هەندێ جاریش ئەو کەشە دەبێتە هۆی پەیدابوونی پەڵە و وردە خاڵ لە نزیك چاو، هەروەها ئەگەر دەتەوێ چاوەکانت بە چاویلکەیەکی مۆدێرن لە چاوەکانت بکەیت، کە هەم جوانت بکات و هەمیش چاوانت لە هەوای وشك و خۆڵ و تۆز بپارێزێت، دەتوانی چاویلکەیەکی گەورە لە چاو بکەیت، چونکە تەنیا ئەوە چارەسەرە تا چاوەکانت بە ماکیاژەوە پارێزراو بن، ئەو چاویلکانەی ئێستا باون، زۆربەیان لە ڕەنگی ڕەشە، تا لە دوورەوە چاوەکانت دیار و گەورە بەرچاو بکەون، هەندێکی دیکەش لە ڕەنگی جۆراوجۆرن، بە تایبەت ئەوانەی تایبەتن بۆ کچانی تازە پێگەیشتوو، یان ئەوانەی حەز بە چاویلکەی ڕەنگاوڕەنگ دەکەن، واباشە کە چاویلکەکە بە پێوانە و شێوازی خۆیان و پڕ بە چاویان بێت.














## درەختە سەیرەکە !

جووتیاران هەمیشە خەون بەوە دەبینن کە بەروبوومەکەیان هێندە زۆر بێت کە بەردەوام بڵێن: بەرەکەت. هەندێ جار دار و بەرەکەیان بەرهەمێکی زۆری دەبێت و تا دەتوانن خزمەتی ئەو دارە دەکەن، چونکە بەروبوومی زیاتر لە خۆی دەبێت. ئەو دارە یان شتڵە تەماتەیە، بە ئەختەبووت ناسراوە، بەهۆی ئەوەی ڕەگ و لق و پەقێکی فراوان و بەربڵاوی هەیە، هەروەها ڕێژەیەکی زۆر تەماتە دەگرێت، ئەو دارە بە شتڵە تەماتەی (ئیتاڵی) ناسراوە، ئەو دارە ئێستا لە نمایشگایەکی نزیك شاری (واڵت دیزنی) لە شاری فلۆریدای ئەمریکی دانراوە، کە درێژی لق و پۆقی ئەو شتڵە تەماتەیە دەگاتە (٧) مەتر و (٢٦) سەنتیمەتر، بەهۆی درێژییەکەی کەپرێکی بچووکیان بۆ کردووە تا بەرز ببێتەوە و هەموو خەڵك بە سانایی بەرچاوی بکەوێت، دارەکە پڕ بەروبەوومە و هەر تەماتەیەکی (٦) سەنتیمەتر دەبێت، جگە لەوەی تەماتەکانی گەورەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش دەگرێت.



## خێزانی شێر

هەر تەنیا لە نێو مرۆڤدا ژیانی خێزانی نییە، بەڵکو لە نێو گیاندارانیش ئەو نەریتە سرووشتییە بەدی دەکرێت، شێرەکان هاوشێوەی مرۆڤ، خێزان و ماڵ و منداڵیان هەیە، هەر یەکە لەگەڵ بێچووەکانی لە شوێنێکی تایبەت دەژین.

(ئاهێر دیباك)ی تەمەنی (٢٨) ساڵ، وێنەگرێکی بەریتانییە و جوانترین وێنەی خێزانێکی شێری گرتووە، کە لە ویلایەتی (گوجارت) لە وڵاتی هیندستان دەژین، ئەو خێزانە لە دایك و باوکێکی شێر و دوو بێچوو پێکدێن، زۆربەی

## فیستیڤاڵی ڕەنگەکان

یەکێکە لەو فیستیڤاڵە بەجۆشانەی کە ساڵانە لە زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا ئەنجام دەدرێت، مێژووی ئەو فیستیڤاڵە بۆ گەلی هیندووسی دەگەڕێتەوە، کە زیاتر لە وەرزی بەهار لە وڵاتانی (هیندستان، نیپاڵ، بەنگلادیش، سریلانکا و پاکستان) سازدەکرێن، هەروەها لەلایەن ڕەوەندی هیندستانی وەك: سۆرینام و قویانا لە باشووری ئەفریقیا و ئەمریکا، ئەو فیستیڤاڵە بە ناوی (هۆڵی فاگوا، یان هۆڵی) واتە فیستیڤاڵی پیرۆز دەناسرێت، سەرەتای سەرهەڵدانی بۆ سەدەی (١٧) دەگەڕێتەوە، کە نەریتە ئایینییەکانی هیندستان ڕێگەیان بە خەڵك دابوو کە ڕوخساریان ڕەنگ بکەن بە ڕەنگی جۆراوجۆر، ڕەنگەکانیش لە بەروبوومی دار و میوە و سەوزە دروست دەکران کە بە (ئیۆرفیدا) ناسراوە،



# گۆڕ لە ناوەڕاستی شەقام

سەیرترین گۆڕ لە جیهاندا لە ناوەڕاستی شەقامێکە لە شاری جۆهانسۆن لە ویلایەتی ئیندیانا لە ئەمریکا، چیرۆکی ئەو گۆڕە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی (١٨٣١) ئەو ئافرەتە لەم شوێنە نێژراوە، دواتر شوێنەکە لە پێکهاتەی نەخشەی ئەو ناوچەیە ڕێگەیەکی هاتوچۆیە، دوای ئەوەی ڕێگەکە تەواو دەکرێت و دەگاتە نزیك ئەو گۆڕە، کەچی نەوەو منداڵەکانی قبووڵ ناکەن کە گۆڕەکەی تێکبدرێت، یان بگوازرێتەوە، چونکە زەویی ناوچەکە مۆڵکی خۆیانە، بەم چەشنە شارەوانی ئەو شوێنە نەیانتوانی دەستکاری گۆڕەکە بکەن.




ئەو ئافرەتە ناوی (نانسی کێرلەن)ە، کە تەمەنی تەنیا (٣٧) ساڵ بووە، (١١) منداڵی هەبووە و لە ئێستادا کەسیان لە ژیاندا نەماون، بەڵام توانییان گۆڕی دایکیان بپارێزن، چونکە ئێستا لەلایەن نەوەکانی ئەو ئافرەتەوە چاودێری گۆڕەکەی دەکرێت و ڕۆژانە ئۆتۆمبێل و خەڵك بە لێواری گۆڕەکە دێن و دەچن.



# ـــــاوشێوەی مرۆڤن

کاتەکانیان بەیەکەوەن، لەو وێنەیەدا هەرچواریان لە ڕیزی یەکتر ڕاکشاون. ئەوەی لە نێو ئەو خێزانە شێرەدا بەدی دەکرێت، هاوشێوەی ژیانی مرۆڤە، کە دایك و باوکەکە خەریکی پەیداکردنی خواردنن بۆ بێچووەکانیان، هەروەها لە کاتی تێربووندا دایك و باوکەکە بێچووەکانیان فێرە ڕاوکردن و بازدان دەکەن، ئەوەی سەیرە لە کاتی وەرگرتنی ئەو وێنەیەدا، هەر یەکە لە دوای ئەوەی دیکەدا دانیشت، وەك ئەوەی بە جوانی و ڕیزەوە وێنە بگرن.






# ـــــە کوردستان و جیهان

ئاسایی بوو کە ڕەنگەکەی سەر ڕوخسارت نۆش بکردایە، لە هەندێك وڵاتان ئەو فیستیڤاڵە ماوەی (١٦) ڕۆژ دەخایەنێت، کوردستانیش لەو فیستیڤاڵە بێبەش نەبووە و ئەوەتا بۆ دووەم ساڵ لە شارەکانی کوردستان ئەنجام درا، کە بە بەشداری زیاتر لە (١٥) هەزار کەس و ڕۆژێکیان بۆ گشتی و ڕۆژی پاشان بۆ خێزان لە شوێنە گشتییەکان ئەنجام دران. فیستیڤاڵی ڕەنگەکان لە کوردستان لە ژێر ناوی (فیستیڤاڵی بەهار و ڕەنگەکان) بوو، چالاکییەکانی نێو ئەو بۆنەیە بریتی بوون لە ڕەنگ هەڵدان، کۆنسێرت و گۆرانی، خواردن، نمایشی کاری دەستیی ئافرەتان و چالاکیی قوتابخانەکان، کە بڕی (٦) تەن ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان لە فیستیڤاڵەکەدا بەکارهێنران.



## پەند و وتە

فریدریك ویلهیم نیچە، فەیلەسووفی ئەڵمانی، ڕەخنەگری ڕۆشنبیری و شاعیر هەروەها دامەزرێنەری قوتابخانەی گریك، لە ساڵی (١٨٤٤) لە شاری ڕۆكێن لە ئەڵمانیا لەدایكبووە و لە ساڵی (١٩٠٠) كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی كەسانی دیكە كە بەرژەوەندییان لەگەڵ تۆدا نییە دەڵێت: ئەوانەی فێری فڕینت بكەن، بە ئاسانیش فێری كەوتنت دەكەن!



## جیاوازیی وێنە


- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !



## نوكتە

یەكێك بۆ یەكەم جاری دەبێت دەچێتە بەریتانیا، كە دێتەوە دەڵێن : چی سەیرت لەوێ بینیی و چ شتێك شاز بوو؟ ئەویش دەڵێ : ئەوان زۆر پێشكەوتوون، گەورە و بچووك بە ئینگلیزی قسە دەكەن!







## پێشبڕكێی بۆ درێژترین قژ

ئافرەتانی ڕووسیا جگە لەوەی بە جوانی ناسراون، هەروەها زۆربەیان قژ درێژن، نموونەش ئەنستازیا دۆسێرڤە، ئەو كچە قژ درێژەیە كە تەواوی خەڵكی ڕووسیا و جیهانی سەرسام كردووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی درێژی قژی گەیشتە زیاتر لە (مەتر و نیوێك)، بۆتە جێگەی باس و خواسی میدیاكان، ئەو كچە تەمەنی (٢٩) ساڵە و ماوەی (١٤) ساڵە قژی نەبڕیوە، جگە لە درێژیی قژی، هەروەها جوانیی ڕوخساریشی سەرنجڕاكێش و ناسكە. ئەوەی كێبڕكێی ئەنستازیا دەكات، ئافرەتێكی دیكەیە بە ناوی (ئۆلگا دیمیدۆڤا) كە تەمەنی (٤٤) ساڵە و درێژیی قژی دەگاتە (١٤٠) سەنتیمەتر، واتە نزیك مەتر و نیوێك، هەردووانیان خەریكی گەیشتنن بە ژمارەی پێوانەیی گینیس بۆ درێژترین قژ.

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئێستا كاتی ئەوەیە كە خۆت بڕیار بدەیت و چاوەڕێی كەسی دیكە نەكەیت، هیوای بە داهاتوو هەبێت و ئەو كارەی ڕابردووت جێبەجێ دەبێت، بە تایبەت ئەگەر دووبارە بیری لێ بكەیتەوە، ژیرانە مامەڵە لەگەڵ كارەكانت بكە و متمانەت بە خۆت بێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەڵەیەكت كرد، ئەوەندە بیری لێ مەكەوە، چونكە داهاتوو بە ڕابردوو نابەسترێتەوە، هەمیشە چاوەڕێی بیرۆكەی خۆت بكە و واز لە كەسانی دیكە بێنە، ماوەیەكە هەست بە دڵتەنگی دەكەیت و ئەمەش كاتییە و دەڕوات.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

ڕووبەڕووی كارەكانت ببەوە و مەهێڵە كەسی دیكە بێتە ناو ژیانت، هەمیشە دڵت كراوە بێت لەبەرامبەر ئەو گرفتانەی دوچارت دەبنەوە، كاتێكی گونجاوە تا ئەو بڕیارەی ماوەیەكە لە دڵتە ئێستا بیدەیت، هەست دەكەیت كەسێكی بەختت نییە، بەڵام وانییە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢


لەگەڵ كەسێكدا ماوەیەكە دەمەقاڵێتانە، نابێ بەو جۆرە بیر بكەیەوە، چونكە ڕەنگە هەڵەكە لەلایەن تۆوە بێت، كاتێك دەتەوێت كارێك بكەیت، ئەوەندە باسی مەكە و یەكسەر ئەنجامی بدە، بۆ ماوەیەكی دوورە هەستت جێگیر نییە و باشتر دەبێت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەگەڵ بیرۆكەكانت تا ڕادەیەك كەسایەتیت گونجاندووە، بەڵام ناكرێ بیر و ڕای كەسانی دیكە فەرامۆش بكەیت، چونكە ڕەنگە ئەوان بە هەڵە بیرت لێ بكەنەوە، ئاگاداری باری دەروونیت بە و ئەوەندە تووڕە مەبە و خۆت بگرە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

زیرەك و كارامە بە لە هەڵبژاردنی كارەكانت و ئاگاداری ژیانی خۆت بە و زوو لەگەڵ كەسانی دیكە تێكەڵ مەبە، لەگەڵا دۆستانت تەنیا وەك هاوڕێیەك بن و نهێنییەكانت باس مەكە، چونكە كاتێك نهێنیی خۆت باس دەكەی، دواتر بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە.



## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە، باس لە هەندێ کەناڵەکانی راگەیاندن دەکات، کە وەك دووپشك وان و بە ژەهرەکانیان خەڵك هانی توندوتیژی دەدەن و وانەی هەڵەیان پێشکەش دەکەن.



## فێلکاری وێنە

لەم وێنەیەدا چەندین پڵنگ هەن، هەروەها پڵنگێکی شاراوە هەیە کە شێوەی نادیارە، هەوڵبدە لە ناو وێنەکەدا بیدۆزیتەوە.




## یاری وێنە


لەم وێنەیەدا کتری و چەند کووپێك هەن، ئەگەر چای لە کترییەکە بێتە خوارەوە، کام کووپ سەرەتا پڕ دەبێت و کامەش دواجار پڕ دەبێت!

# تەڕەزانی باڵەخانە و تاوەرەکان

زۆربەمان ناتوانین بەسەر دیوارێکی هەندێك بەرزدا سەربکەوین، هەندێ جاریش رەنگە بکەوین، بەڵام ئەو گەنجە رۆژانە بەسەر ئەو باڵەخانە و ئەو باڵەخانە باز دەدات و دێ و دەچێ، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە پۆلیس دەستگیری بکات، چونکە ببووە جێگەی نیگەرانیی خەڵك کاتێك بە بەرچاویانەوە بەسەر دیوار و بەرزاییەکانی باڵەخانەکان دەکەوێت، ئەو گەنجە ناوی (جەستن کاسکیگۆ)یە، خەڵکی شاری مانهاتنی ئەمریکییە، بەهرەی ئەو گەنجە لەوەدایە کە دەتوانێت بە سەر بەرزترین باڵەخانەکان سەربکەوێت، بە (شای دارستانی کۆنکریت و باڵەخانەکان) ناسراوە، کە هاوشێوەی داستانی تەڕەزان بە سەر باڵەخانە و ستوون و تاوەرەکان دەکەوێت.







### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەگەر دەتەوێ بەسەر کێشەکانتدا زاڵ بیت، دەبێ ئارام بگریت و بە هێواشی رێگەی چارەسەری کێشەکانت بدۆزیتەوە، کەسێکی باشت ناسیوە، بەڵام ماوەیەکە بیر و هەستت جێگیر نییە و شێوازی رەفتارت توندە، چاکترە ئارام ببیتەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کارەکانت بە جوانی رێکخستووە، تەنیا ئەوە نەبێ پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی نزیکت لەو ئاستە نییە کە خۆت دەتەوێ، چاکترە لەگەڵیان زیاتر نزیك ببیتەوە، بەڵام رێگە مەدە کەس بێتە ناو ژیانت، ئەو کەسەی ماوەیەکە لێت نزیکە، مەبەستێکی پاکی بۆت هەیە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بیری رابردوو مەکە، چونکە دەبێ داهاتووت جێگیر بکەیت و هەمیشە خۆت بە داهاتوو ببەستەوە، ماوەیەکە بیر و هەستت جێگیر نییە، ئەوەش بە هۆی ئەوەیە کە زۆر بیر دەکەیتەوەو کارەکانت پشتگوێ خستووە، هەوڵبدە لەگەڵ کەسانی دەوروبەت نزیکتر بیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

رێگای داهاتووت چەندین کار و ئەرکی تێدا دەبێ، بەڵام دەبێ زیرەکانە کاریان بۆ بکەیت، هەمیشە دڵخۆش و گەشبین بە، کاتێك بیر لە کارەکانت دەکەیتەوە، وادەزانی کە زۆر هیلاك و ماندووی، ئەوەش پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، نەوەك کارەکانت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هەندێ جار بیر لە داهاتووت دەکەیتەوە و تووشی بێ ئومێدی دەبیت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانی کە داهاتووت گەشە، ئەگەرچی ماوەیەکی ناخۆشت بەڕێ کرد، ئێستاش نۆرەی ئەوەیە دڵخۆش بیت، ئەو کارەی ئێستات سەرکەوتنی بۆ دەبێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

شێوازی رەفتارت باشتر بووە و کاتێکت پێویستە تا بیر و هۆشت باشتر دەبێت، چونکە ئەو کێشەی رابردوو زۆر ماندووی کردی، بۆیە پێویستت بە پشووە. کاتێك لە ژیانت بێ ئومێدی و دڵتەنگە، دەبێ ئارامیت پێوە دیار بێت.